یانەی هەولێر ڕاهێنەری نوێی بە هاندەرانی ناساند

یانەی هەولێر ئەمڕۆ باسم قاسم، ڕاهێنەری بێنۆبانگی عێراقی وەک ڕاهێنەری یانەکەی ناساند بۆهاندەرو جەماوەری یانەی قۆڵا و منارە.

باسم قاسم، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "بڕگومان ئەم ئامادەبوونە گەورەیە جەماوەری بەرپرسیاریەتی من گەورەتر دەکات ، بەڵاستی زۆر سوپاسی سەرکی دەستەی کارگێڕی، برام دکتۆر سەفین دەکەم، هەروەها برایان لە دەستەی کارگێڕی. بڕگومان واژەکردنی گرێبەستەکە و ئەنجامدانی کەنگرەی ناساندن بەمشێوەیە زۆر دەخەشم دەکات و لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەخاتە ئەستەم".

قاسم وتیشی"هەموومان یارمەتی یەکدی دەدەین، کارگێڕی، هاندەران و یاریزانان، هەولێر دەگەنینەوە بە ئەوە دەخە باشی جارانی. پشتیوان بەخوا ئەمە زەحمەتییەکان تەدەپەڕێنین، لەگەڵی ئەم هاندەرانەوە".

باسم قاسم ئاماژەی بە ئەوەیش کرد کە "هەرگیز داوای 7 ملیار دینارم نەکردووە، سەرکی یانەش

دەزانێت کە من مەرجی وام نەبووە، ڕێزێکی زۆرم هەیە، بەڵام من هەرگیز ئەو مەرجەم نەبووە، یان چوار یان پێنج، هەرگیز ئەو مەرجەم نەبووە. سەیر بکەن ئەمە من هاتووم بە ئەوەی بناسێنرێم، من ڕێزێکی زۆرم بە سەرکی ئینجوومەنی کارگێڕیی یانەکە هەیە".

ڕاهێنەرەی نوێی یانەی هەولێر وتیشی "ئێمە پێیوەندییەکی باشمان لەگەڵ فدراسیۆنی تەپی پێی عێراق و لەگەڵ هەمووان هەیە و تەنیا دەمانەوێت ئەوەی لەسەرمانە بیکەین و یانەکەمان لە پێنج یان شەش یانەی یەکەم بێت، بەڵام هەرگیز باسی پرسە دارایییەکان و ملیار و چیم نەکردووە، دەتوانن بە دنیا بوونەوە بگەڕێنەوە لای کارگێڕانی یانەکە".